www.kurdistannet.org
24-2-2007 13:07 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەڵامێک بۆ بەڕێز هاوڕێ نوری ... جمال مەلاقەرە

من وەك یەكێك لە ئامادەبووانی ئەو كۆبونەوەی كە بەڕێزتان ئامازەتان پێكردووە، بەهیچ شێوەیەك ناوی بەڕێزتانم لە كۆبونەوەكەدا نەبیستووە.
لە بەرئەوەی من خەڵكی پێ دەشتەكانی قەراج و كەندیناوەی سەر بە هەولێرم، ئاشنایم لە گەڵ زۆربەی بەرپرسەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە (هۆڵەندە) نەك كوردستان. دوێنێ ئێوارە هەقاڵێكی خەڵكی شاری سلێمانی پەیوەندی پێكردم و لێی پرسیم كە ئەگەر من گوێم لەو مەسەلەیە بوبێ كەبەڕێزتان ئامازەتان پێكردووە یان نا. . . . .
هەروها پەیوەندیشم بە نوێنەری مام جەلال، هەروەك پەیوەندی هەموو هەقاڵەكانی ڕێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانە لە هۆڵەندە. واتە منیس هەروەك هەقاڵەكانی تر تەنها پەیوەندی ڕێكخستنم بەبەڕێزیانەوە هەیە.
من نامەوێ بزانم كێ ئەم هەواڵە هەڵبەستراوەی پێگەیاندووی، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ئەوكەسە دڵسۆزی بەڕێزتان بوایە وئەگەر ڕاستەكا ناوی بەڕێزتان لەم كۆبونەوەیەدا هاتووە، دەبوو لە كۆبونەوەكە وەڵامی ئەو بەرپرسەی بدابوایەوە. ئەگینا وەك دەڵێن (من نما لك نما علیك) هەرچەندە بەدڵنیایی یەو پێت دەڵێم من بەهیچ شێوەیەك ناوی تۆم لەم كۆبونەوەیەو هەموو كۆبونەوەكانی تریش گوێ لێ نەبووە. نوێنەری بەڕێز مام جەلالیش لەو كەسانە نیە، باسی خەڵك بەخراپە بكا. لە هەموو ئەوكۆبونەوانەی من بەشداریم كردووە، لە غەیری ڕەوشت بەرزی و نەرم ونیانی و سنگ فراوانی بەولاوە شتێكی ترم لەم بەڕێزیان نەبینیوە.
هەقاڵان مام جەلال و كاك نەوشیروان و كاك كۆسرەتیش هی ئەوە نین هیچ كادرێك لە كۆبونەوەكانی ڕێكخستن تاقم و دەستەیان بداتە پاڵ، چونكە كۆبونەوە دیسپڵینی خۆی هەیە.
برای بەڕێزم لە نوسینەكەتان دەردەكەوێ كە پێشمەرگەی دێرین و خاوەن سەروەری خۆتان بن، لەوەش زیاتر باسی پێشبینی خۆشتان كردووە بۆ دەست لەكاركێشانەوەی هەقاڵ كاك نەوشیروان. ریفۆرم لە هەموو شتێك زیاتر پێویستی بەگەڕان و لێكۆڵینەوە هەیە. كەچی بەڕێزتان هەروا فیشەكتان بەتاریكی وەناوە لەنوسینەكەتان و بەقسەیەكی بێ بنچینە، هەرچی هەیە هەڵت ڕشتووە. باست لە گەندەڵی ئەم بەڕێزە كردووە، كە گوایە لە كۆبونەوەكە هێرشی كردبێتە سەر بەڕێزتان، تەنها بۆ ئاگاداریتان تاكە ئەندامێكە لەو ئەندامانەی كە دووموچەیان لە كوردستانەوە بۆدێ، لەم كۆبونەوەیە لە بەرامبەر هەموو ئامادە بوان ڕایگەیاند كە ئەو دوو موچەی ڕەتكردۆتەوە، بەشایەتی مامۆستا جەمال خۆشی ئەم بەڕێزە تەنها یەك پارچە ئەرزەی لەدووری شاری سلێمانی وەرگرتووە. بۆ ئەمەشیان دەتوانی لە ڕێگەی كەنالە تایبەتەكانی خۆتەوە، بەدوای ڕاستیەكە دا بچی. ئەگینا فیشەك بەتاریكی وەنان خزمەت ڕیفۆرم و چاكسازی وپاكسازی ناكا، بەڵكو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی پەردەپۆشكردنی ئەو گەندەڵانەی فرە موچە و فرەزەوی و فرە هەموو شتێكن.
لەكۆتایی دا دەڵێم ئەوەی بەدوای ڕاستی دابگەڕێ هەر دەیدۆزێتەوە و نەك جارێكیش هەزار جار نەعلەت لەگەندەڵ
لەگەڵ سڵاو وڕێزی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.